# بانگی یەکبوون

ولاتپارێزان. . سەربەخۆخوازان
کرێکاران. . بەشمەینەتان
ئەندام و لایەنگران. .

گۆرانگاریەکانی ناوچەکە و جیهان، دەروازەیەکی نوێی هیوابەخشی لە بەردەم گەشەو رەوایەتی دۆزی گەلەکەماندا کردۆتەوە و ئاسۆی داهاتووش رووناکتر خۆی دەنوێنی. بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی چارەنووسسازدایەو دەخوازێ سەرکەوتن وەدەست بێنێ. پتەوکردن و کۆکردنەوەی هێزو توانای کوردستانیان خواستێکی سەردەم و ئەرکێکی مێژووییە. سەرجەم لایەنە سیاسیەکان بەگوێرەی سەنگایی و توانای خۆیانەوە تێیدا بەرپرسیارن و پێویستی بە رەفتاری وردبینانە هەیە. دەستپێکی ئەم کارەش بەیەکخستنەوەی پەلەکانی بزاڤی رزگاریخوازی و بە یەکبوونی لایەنە هاو ئارمانج و هاوڕامانەکان تۆکمەتر دەبێ. لەم پێوەندیەدا و لە روانگەی پەرۆشیمانەوە بۆ دۆزی گەل و نیشتمان، دڵسۆزانە بانگ لە لایەنە سیاسیەکان دەکەین و دەخوازین هەموومان بەیەکەوە لە دەوری یەک گوتاری سیاسیدا کۆببینەوە کە، رەنگ لە راستینی خواست و ئاواتەکانی گەلەکەمان لە رزگاری و سەربەخۆییدا، بداتەوە.

هەقە گەلی کوردستان ئەو راستیە لە بەرچاو بگرێ کە تا ئێستاش هێزە رەگەزپەرستەکانی نەتەوەی سەردەست و ناحەزانی گەلەکەمان سەر سەرختانە پیلان دەگێرن و دەیانەوێ لە ژێر دروشم و بیانووی دیموکراسی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراقدا درێژە بە داگیرکردن و چەوساندنەوەمان بدەن. بەداخەوە تەوژمێکی ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان لە ژێر کاریگەری بۆچوونی پان ئێراقیزم دایەو، پێچەوانەی رەوتی سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ. لەسۆنگەی ئەو مەترسیە مەلاسدراوانەدا، مێژوو داوای وەلانانی بەرژەوەندی تەسکی پارتایەتی دەکاو بۆیەکگرتنەوەو پتەوکردنەوەی نێو مالی کوردەواری بانگ رادێری. لە روانگەی هەست کردن بە خواستەکانی سەردەم و بۆ پوچەڵکردنەوەی هەڕەشەومەترسیەکانی ناتەبایی، ئێمە هەردوو لایەنی حزبی رزگاریی کوردستان **RPK** و پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان **PKSK** بڕیارمانداوە بەرەو یەکبوون بڕۆین و شێلگیرانە کاری بۆ بکەین. .

کرێکاران. . بەشمەینەتان
لایەنە چەپەکانی کوردستان

ئەمرۆ لایەنە چەپ و پێشڤەڕۆکانی کوردستان لە یەک هاوێرو پەرتەوازەن. . بەم شێوەیەش چەپی کوردستانی لە توانایدا نیە رۆڵی مێژوویی خۆی لە خەباتی رزگاری نیشتمانیدا کایە بکا، پتەوکردن و ئاوەدانکردنەوەی سەنگەری چەپی کوردستانی سەربەخۆخواز خواستێکی رەواو ئارەزوویەکی لە مێژینەی چەوساوانی کوردستانەو کاتی ئەوە هاتووە لە خۆبردوانە بەپیریەوە بچین. لەم پێوەندیەدا مژدەتان پێدەدەین کە هەردوولایەنی **RPK** و **PKSK**، رێککەوتووین کە بۆ یەکبوون هەنگاوی خێراو کردەیی بهاوێژین. دەرگەی ئەم پرۆسەیەش بۆ لایەنە چەپە سەربەخۆخوازەکان کراوەیە و بۆ فراوانکردن و بەهێز کردنی بانگیان دەکەین.

ئەندام و لایەنگرانی **RPK** و **PKSK**

لاتان شاراوە نیە کە هەردوو لایەنمان لە رووی ئارمانج و ئایدۆلۆژیاوە زۆر لە یەکتری نزیکین. زۆرجارانیش ئێوەی تێکۆشەر ودڵسۆزانی گەلەکەمان یەکبوونیان بۆ پێشنیار کردوین. لە **10** ساڵی رابردوودا پێوەندی نێوان

هەردوو لایەن لە ئاستێکی باشدا بووە. لە لیژنەی هاریکاری چەپەکاندا هاوسەنگەربوون و لە کۆمیتەی ئامادەکردنی ناوەندی سەربەخۆیی کوردستان **NSK** دا هاوخەباتن وبە دەگمەن نەبێ جیاوازی رامان لە نێوانیاندا بەدینەکراوە، بۆیە رۆژی **2003. 8. 20** لە کۆبونەوەیەکی هاوبەشی سەرکردایەتیدا بڕیارماندا کە مژدەی بەرەو یەکبوون بە ئێوەی تێکۆشەر و سەربەخۆخوازان و چەوساوانی کوردستان رابگەیەنین. هەردوولا رێککەوتووین کە بەرەو یەکبوون بچین و لە چەند مانگی داهاتووشدا کۆنگرەیەکی هاوبەش ببەستین، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە ئێوەی تێکۆشەر دەکەین کە راو سەرنج و پێشنیاری خۆتانمان بۆ رەوانە بکەن و بەگیانی بەرزی بەرپرسیارییەوە بۆ ئەم ئامانجە تێبکۆشن.

سەرکەوتن و بە ئاگام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە ئەرکی سەرەکی ئێوەی تێکۆشەر و خۆنەویستە و، لێتان دەخوازین کە لێبڕاوانە کاری بۆ بکەن.

* سەرکەوێ خەبات لە پێناو کوردستانێکی سەربەخۆو گەلێکی بەختیاردا.

مەکتەبی سیاسی بێروی سیاسی
حزبی رزگاریی کوردستان
پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

**21 .8 .2003**